راگەیاندنی ئەمنی دۆزینەوەی حەشارگەیەکی تیرۆرستانی لە سەڵاحەدین راگەیاند

ئەمڕۆ پێنجشەممە، شانەی راگەیاندنی ئەمنی، دۆزینەوەی شوێنی مانەوەو حەشارگەیەکی گرنگی تیرۆریستانی لە قوڵایی دوورگەی سەڵاحەدین ڕاگەیاند.

شانەی راگەیاندنی ئەمنی، لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە: هێزەکانی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی توانیان بە هەوڵێکی هەواڵگری تۆکمە لە ژێر سەرپەرشتی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکاندا زانیاری ورد بەدەست بهێنن دەربارەی بوونی شوێنی مانەوەو حەشارگەیەکی گرنگ لە قووڵایی دوورگەی سەڵاحەدین.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە: مەفرەزەکانی دەزگاکە بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سەڵاحەدین و فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی سەڵاحەدین، لە چوارچێوەی کەرتی بەرپرسیارێتیدا دەستیان بە ئەرکی گەڕان و پشکنین کردووە و (6) حەشارگەی چەتەکانی تیرۆریستی داعشیان دۆزیوەتەوە، لە شوێنە جیاوازەکانی بیابان، کە وەرشەی بچووکی چاککردنەوەی ئۆتۆمبیلی تێدایە، و هەندێك ئەشکەوت و تونێل و پەناگە کە بۆ کارەکانی دیارنەمان و خۆدزینەوە بەکارهێنراون، لە هێرشی ئاسمانی و کۆکردنەوەی خواردەمەنی و کەرەستەی لۆجستی و تانکی بەرهەمەکانی نەوت و کەرەستەی دیکە.

ئاماژەی بەوەشکرد کە "بەپێی کۆنتەکستە پەسەندکراوەکان لە بنەڕەتدا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە."

ئاماژەی بەوەشکرد، ”هێزە ئەمنییەکانمان سەلماندوویانە کە یەکگرتوویی کار و هەماهەنگی زانیاری هۆکاری گرنگ بوون بۆ سەرکەوتنی کاری ئەمنی بۆ وشککردنەوەی سەرچاوەکانی تیرۆر و پاککردنەوەی نیشتمان لە پیسیەکانی“.